

# گوفتاری فەلسەفیەت قەدری نەماوەئێســـــتا
# باعیس بەزولمی ئاغــاو شـــیخ و مەلایی مەولود
## ئامادە کەردنی ئەحمەد دەشتی

ئەگەر ئاورێک لە هۆزانەکانی زۆربەیهەرە زۆری شاعیران بدەینەوە و بیان خوێنینەوە بە تایبەتی شاعیرانی کلاسیکی دەبینین کە دیوانە بە نرخەکانیان تەژی هۆزانی نامەیین کە بۆ دۆستان و یارانی خۆیان نوسیوە و لەو نامانەدا مەرامی خۆیان بە بەرامبەرەکەی خۆیان ڕاگەیاندووە، مەلا خدری دەشتی هۆزانوانی مەزنیش یەکێکە لەو هۆزانوانانەی کە دیوانەکەی هەروەک بریتین لە هۆزانی نیشتمانی و دڵداری و عیرفانی و پیا هەڵاگوتن و جوانی ئاواش بێ بەش نیە لەو تەرزە هۆزانانەی نامەیی و دەبینین کە بەشێکی شیعرەکانی دەشتی نەمر (ئەدەبی نامەن) واتە بە نامەی شیعری وەرامی دۆست و یاران و زاناو خوێندەوارانی سەردەمی خۆی داوەتەوە و هەستی خۆی لەو نامەشیعرییانە دا زۆر بە ڕاشکاوی و دیارەووە دەر بڕیوەو مەبەستی خۆی ڕا گەیاندووە ،سا با ساتێک لهگەل ئەم هۆزانەی دەشتی کە وەک نامەیەک بۆ مەحموداغای نۆغەرانی نوسیوە کە نۆغەران گوندێکە لە ئاوایی دارەبەن زۆر دوور نیە کە دەشتی نەمر ماوەی 17 ساڵان لە گوندی دارەبەن دا خەریکی دەرس گوتنەوەو قوتابخانەی مەلایەتی لەو ڕۆژگارانە بوو. ئەمەش نامەکەی دەشتیە کە دەڵێت:



### گوفتاری فەلسەفیەت

بانامەیی ئایازم وەسلی بداتە مەحمود
تاجامەیی نیازم ئەمڕۆکە بێتە مەوجود
سەرکەش سەرایی ڕەنگ و نام و نیشانی یاری
بۆ گەنجەکانی کوردی دەرخوم بە عەینی مەقسود
شیعری دڵی زەبوونم فەوتا لە داخی میللەت
دیوانی پیرِ فنوونم چوو بۆ لیوایی مەقسود
هەرکەس کەجەوهەری بێ یەک دانەگەوهەری بێ
نابێ لە کەس بەری بێ فی شاهدن وەمەشهود
خێچێژی شیعرەکانم زەوقی دەوێ بزانی



تامی شەڕابی بادەی پڕ حەوزی ئاوی مەورود
فەرهادی شیعری دوورم  بۆ بێستونی بردم
بۆ نەقشی ڕویی شیرین هیوایی دلمە مەقسود
بارانی ڕەحمەتی خوا قاڕەش دەکا بە شاگول
بۆ نوستنی سەپانان چەند خۆشە زیللی مەمدود
بۆ یارەکانی عەسری ئەم هەدیە گەر بنێرم
ئایا دەبێ بزانن مانایی شیعری مەنشود
هەرکەس لە شیعرەکانم یەک بادەیێ بنۆشێ
والا دەبێ لە بۆ ئەو سەد ئیش و کاری مەسدود
یەعنی جەمالی یاران نەزمی منی دەوێتن
بۆ لاوەکانی کوردی بۆ گەنجەکانی مەعدود
ئەی گەنجی نۆغەرانی نەم دیوە زاتی پاکت
سەد قافلەی بەرانی لێت بێ سەلامی مەردود
ئەمری جەنابی تۆم دی فەحواشی تێ گەیشتم
دل غوربەتی دڵ هەڵستا بۆ شۆخەکانی مەرقود
هەنیسەی بولبلی دل فیکری گولی کە بۆ هات
هەستاوە پێ چریکەی چوو بۆ مەقامی مەحمود
هەردەم قەلەم دەزانی هەلبەستەبەستە ڕێگەی
تەڕشیحی سەد گولانی ناگاتە سیدری مەخزود
یەک زائیدەن ئیتر دوو مەعلوم بە سێ مساوین
هەشتا بە عەینی عیرفان ناگاتە تەلعی مەنفود
گوفتاری فەلسەفیەت قەدری نەماوە ئێســـــتا
باعیس بە زولمی ئاغاو شێخ و مەلایی مەولود
گەر بێ هەموو وەکو یەک هەولێ بدەین لە بۆ خوا
فەرقی دەبێ هەمووکەس گەورە و بچوک و بێ هود
سەد ڕەنجی گەنجەکانی کوردی غەریب و بێکەس
دەڕوا بە هیچ و خۆڕا وەک شیعری من بەبێ سود
ناگاتە مەقسەدی خۆی کەس لەم زەمانەی حازر
گەر تێ بگەی دەزانی ئەی بەچە ئاغای مەحمود
دەشتی بەسەد کنایەت شەرحی دلی بە تۆدا
سەد حەیفە لێت بزربێ تەسبێحی دوڕو زەمیود

1.5.2005